# توركیا: دوێنێو ئەمڕۆ

نووسینی: ئیسماعیل ئیبراهیم ڕواندزی

زیاتر لە هەشتا ساڵە پرەنسیپەکانی کەمال ئەتاتورک ئاراستەکەری فەرمی کۆماری تورکیان. ئەگەر تا دوێنێ کەمالیزم ڕێگری سەرەکی بەردەم مافەکانی نەتەوەی کوردو بنەمای سەرەکی دامەزراندنی کۆماری تورکیای مۆدێرن، لەسەر کەلاوەکانی ئیمبراتۆریەتی عوسمانی، بوو، ئەوا ئەمڕۆ بۆتە بەربەستێکی گەورەو سەرەکیش لەبەردەم گەشەپێدانی دیموکراسیو کرانەوەی سیاسی لە تورکیادا.

## ئەتاتورک: یەک ڕەگەز، یەک نەتەوە

دۆڕانو دارمانی ئیمبراتۆریەتی عوسمانی بارووددۆخو کەشوهەوای سیاسی ناوچەی ئەناتۆڵی بە شێوەیەک ئالۆزکرد، کە زەمینەی بۆ هاتنەپێشەوەی سەرکردەیەکی ناسیونالیستی توندڕەوی وەک ئەتاتورکی، کە کاریگەری ڕۆشنبیری ئەوروپایی بە ڕۆشنی پێوە دیاربوو، خۆشکردو بە هەڵهێنجانی لێکدانەوەیەکی تورکیانەو ڕەگەزپەرستانە لە بیرۆکەی سەدەی نۆزدەمەمی دەوڵەت ـ نەتەوەی ئەوروپاییەکان کۆمارێکی مۆدێرنی ڕەگەزپەرستو تاک ناسنامەو کەلتووری لەو جوگرافیا سیاسییەی کە ئێستا تورکیای نوێی لێپێکهاتووە، دامەزراند. ئەتاتورک لە کۆماری نوێدا بیرۆکەو بنەما سیاسیو فەلسەفیو کولتورییەکانی دەوڵەتی عوسمانی لێکهەڵوەشاندەوەو بیرۆکەو ناسنامەو ئینتمای سیاسی جیاوازو نوێی لەجێدانان، بۆیە ڕیفۆرمەکانی ئەتاتورک لە دەستوورو سەرخانی کۆمەڵگای تورکیادا قووڵتر و بنەڕەتیترن، لەو ڕیفۆرمانەی کە بزووتنەوەی "تورکە لاوەکان" لە سەرەتای سەددەی بیستەم داوایان دەکرد. تەنانەت ڕیفۆرمی کەمالیستی لە هەندێک لایەنییەوە چووە ناخی ڕەگە کولتووریەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە ڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی دەزگا ئایینیەکانو پاشەکشەپێکردنی سیمبۆلە کولتووریەکانی پشت ئەم دەزگایانە. ئەتاتورک تێگەیشتبوو کە تەنها هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی خەلافەتی ئیسلامی بەبێ هەڵوەشاندنەوەی دەزگاکانی لە بابەت دادگا ئیسلامییەکان، قوتابخانە ئیسلامییەکان، وەزارەتی کاروباری ئایینیو قەدەغەکردنی چالاکیو تەریقەتی شێخەکانو گۆڕینی پیتی عەرەبیو ڕۆژژمێری ئیسلامیو...هتد،وە جێگرتنەوەیان بە کولتورو سیستەمێکی سیاسیو کۆمەڵایەتی نوێو مۆدێرن، ناتوانرێ قسەیەک لە مۆدێرنیزکردنو بنیاتنانی کۆماری نوێی تورکیا بکرێ.

ئەتاتورک دامەزراندنی کۆماری نوێی تورکیای بەستەوە بە سازکردنی ناسنامەیەکی نوێو نەتەوەیەکی نوێ. ئەو پێیوابوو کە سەروەری دەبێ لە دەستی خەڵکێک بێت کە ئەو خەڵکە دەبێ ئۆرگانیکو تاک ناسنامە بێت، بە مانایەکیتر سەروەری سیاسی لە ئایۆلۆژیای کەمالیزم دەبێ لە دەست "نەتەوە" بێت، ئەو نەتەوەیەش دەبێ تاک ڕەگەزو تاک ناسنامە بێت، نەک نەتەوەیەکی پێکهاتوو لە هاوپەیمانی چەند ناسنامەیەکو چەند ڕەگەزێک، هەربۆیە لە کەمالیزم زۆر بە توندی پرەنسیپی کۆمەڵگای پلۆرالیستی ڕەتدکرێتەوە بە قازانج کۆمەڵگایەکی ئۆرگانیک. پێدەچێ کاتی خۆی ئەتاتورک سوودی لە "ناسیونالیزمی مەدەنی" جۆری فەڕەنسی وەرگرتبێ، بەس ناتوانین بڵێین ناسیونالیزمی تورکی یەکسانە بە ناسیونالیزمی فەڕەنسی، بۆ؟ چونکە لە کۆماری کەمالیستی ئەمڕۆی تورکیادا ناسیونالیزمی دەسەڵاتدار ناسیونالیزمێکی تاک ڕەگەزیەو هەموو جۆرە جیاوازییەکی ڕەگەزیو کولتوری لە کۆمەڵگا رەتدەکاتەوە. لەگەڵ ئەو راستییەشدا زۆرکەس تا ئیستا پێیانوایە کەمال ئەتاتورک دەوڵەت ـ نەتەوەی تورکیای لەسەر بنەمای پرەنسیپەکانی دیموکراسیو مۆدێلی ئەوڕوپایی دامەزراندووە، بەس ئەمە چەندی ڕاستە؟

گومان نییە کە ئەتاتورک کەسێک بوو لەژێر کاریگەری ڕۆشنبیری ئەوڕوپایی، بەس ڕاستییەکەی کەمالیزم لەسەر سێکوچکەی سیکۆلاریزم، ناسیونالیزمی ڕەگەزی، پرەنسیپی کوماری دامەزراوە، کە دوایش ئەم سێکوچکەیە نەک تەنیا بووە کرۆکی ئایدۆلۆژیای کۆماری تورکیا، بەڵکو شەرعیەتی دەسەڵاتیشی بۆ ئیلیتی نوێی تورکیا پاراست. لە ڕووی تیۆریشەوە پرەنسیپەکانی کەمالیزم کراوە نین بۆ لێکدانەوە ڕۆژئاواییەکان لە دیموکراسیو لیبرالیزمو تەنانەت ئەتاتورک، نەک تەنها بە هەمان شێوەی عوسمانییەکان باوەڕی بە بەشداری هێزە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکان لە پەڕێوەبردنی وڵاتدا نەبوو، بەڵکو باوەڕی پۆڵاینشی بە بیرۆکەی ستەمکاریو دکتاتۆری سیاسی ئیمبراتۆرییەتی عوسمانی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، هەبوو. بۆیە بۆ ئەتاتورک هیچ کاتێک دیموکراسیو لیبرالیزم، بە مانا ئەوڕوپییەکەی، بەشێک لە پرەنسیپەکانی نەبوون. لای ئەتاتورک دیموکراسی تەنها یەک مانای هەبوو کە ئەویش جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت بوو. ڕاستییەکەشی سیکۆلاریزم مەرجێکی پێویستە بۆ بنیاتنانی دیموکراسی، بەس کافی نییە، چونکە بنیاتنانی دیموکراسی هەوڵدانی هاوتەریبانەی سیکۆلاریزەکردنو گەشەپێدانی پرۆسەی ڕەخنەی ڕۆشنگەرییانەو ووشیارانەیە لە ستراکتۆری ئایینیو کولتووری کۆمەڵگا لەسەر بنەمای ئازادی هەڵبژاردنو مافی تاکەکان.

## نەتەوەی کورد، کەمالیستەکانو ئیسلامییەکان

پێموایە لە داهاتوودا کەمالیستەکانو ئیلیتی سیاسیو ڕۆشنبیری کەمالیستی ناتوانن چیتر بە هەمان چوارچێوەی جاران، پرەنسیپەکانی کەمالیزم وەک سەرجاوەی پرۆگرامی سیستەمی سیاسی، کۆمەلایەتیو ئابووری تورکیا درێژە پێبدەنو بیکەنە بنەمای شەرعیەتی دەسەلاتو کردەوە سیاسییەکانیان. بۆچی؟ چونکە ئەمڕۆ دوو یاریکەری سیاسی بنچینەییو بەهێز لە تورکیا هاتوونەتەوە مەیدان کە ئەوانیش کوردەکانو ئیسلامییەکانن.

ئیسلامییەکانی تورک نە شتێکی نوێن لە کۆماری تورکیاداو نە ڕەوتێکی سیاسی هۆمۆجینیەسو یەکگرتووشن. هەموو گرنگی هاتنی ئیسلامییەکانیش لەوەدایە کە لێلیەکیان لە تاک ناسنامەیی تورکیا پێکهێناوەو تا ڕادەیەکیش هەژموونی ئایدۆلۆژیای تاک کەلتوری کەمالیستیان هەژاندووە. گرنگە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەم کە ڕەوتی ئیسلامی سیاسی تورکی بە دوای ڕیفۆرمی کۆماری تورکیا بە ئاراستەی دیموکراتیزەکردنی زیاتری سیستەمی سیاسی تورکیاوە نییە، بەڵکو گشت ئامانجیان چڕبۆتەوە لە بە ئیسلامیکردنی سیستەمی سیکۆلاری ئەمڕۆی تورکیا. بۆیە نە حکومەتە ئیسلامییەکانی پێشوو، وە نە حکومەتی ئەردۆگان خەباتگێری باشترکدنی مافی مرۆڤو ئازادییەکان نین، بەهیچ جۆرێکیش لەگەڵ دیموکراسیو ئازادیو مافی کورد نینو نابن.

ئەگەرچی کۆماری تورکیای نوێ بە هاوپشتیو یارمەتی کوردەکان، لە سەردەمی شەڕی سەربەخۆییدا، پێکهات، بەس ئیلتی سیاسی تورک زۆر بە توندی بوونی نەتەوەو ناسنامەو جوگرافیای کوردستان ڕەتدەکەنەوەو پێدادەگرن لەسەر یەک ڕەگەزیو تاک ناسنامەییو یەکگرتوویی خاکی تورکیا. ڕەنگە کەسانێک بڵێن یاساو ستراکتۆری کۆماری تورکیا بەیەک چاو سەیری هاووڵاتیانی تورکیا دەکا. ئایا ئەمە ڕاستە؟. نەخێر، کوردێکی تورکیا ڕەنگە بتوانێ جێگەوڕێگەیەکی حکومی وەربگرێ، بەس دەبێ باجێکی گەورەش بدا بە ئینکارکردنی ناسنامەو ڕەگەزی خۆی. ڕاستییەکەی دەسەلاتو یاسا لە تورکیا لەسەر ڕەگەزی تورکبوون دامەزراوە.

خۆشبەختانە کێشەی کورد لە باکووری کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ گرنگی جیهانی وەردەگرێ لەگەڵ ئەوەی بارووددۆخی سیاسی تورکیا بەرامبەر بە کورد ئالوگۆڕێکی ئەوتۆی بە خۆوە نەبینیووە. بەس بە بوونی گلۆبالیزیشنو گەیاندنو میدیای بینراو بیستراو و ئینترنێت توانراوە سنووری وڵاتەکان و ڕێگرییە ناخۆییەکان ببردرێ بۆ بڵاوکردنەوەی ووشیاری نەتەوەییو دیموکراسی. نەتەوەی کوردیش لە باکووری کوردستان توانیویەتی سوود لەم ئامرازانە وەربگرێ بۆ بەدەستهێنانی پاڵبشتی ناوخۆییو جیهانی بۆ کێشەی کورد لە کوردستان. بە جۆرێک کێشەی کورد بۆتە یەکێک لە کارتە بنچینەیەکانی سیاسەتی ناوخۆییو دەرەوەی تورکیا. ڕاستە ئیلتی سیاسیو ڕۆشنبیری تورک کێشەی کورد بە کێشەی تیرۆرو دابەشکردنی خاکی تورکیا دەبەستنەوە بەس هەرگیز ناتوانن بەسەریدا بازبدەن. ئەمڕۆ چەند دەنگێکی نزم دەبیستریێن کە سەرهەڵدانی کێشەی کورد دەگێڕنەوە بۆ

هۆکاریتر، جیاواز لە ڕوایەتی فەرمی دەوڵەت بەس دیسان ئەوانیش ئەلتەرناتیڤی ڕۆشنیان بۆ چارەسەری کێشەکە نییە.

تورکیا بۆ پاراستنی خۆی بێجگە لە دانان بە بوونی نەتەوەی کورد ڕێگایتری لەبەردەم نییە. تورکیا دەبێ بزانێ کە کێشەی کورد لە تورکیا کێشەی تیرۆریزم یاخود کیشەی ئابووریو کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو کێشەی کورد کێشەیەکی سیاسیەو سەرچاوەکەی لە ئینکارکردنی ناسنامەو سەروەری نەتەوەی کورد لەسەر خاکی خۆی لە کوردستان دایە. دەسەڵاتدارانی تورکیا دەبێ تێبگەن کە قەیرانی ناسنامەیی تورکیا بە لەناوبردنی PKK کۆتایی نایێت، بەڵکو ئەم قەیرانە کاتێک کۆتایی دێت کە هەڵوێستو تێڕوانینیان بۆ خۆیانو ناسنامەو جوگرافیای تورکیا، بگۆڕن.

## ڕۆڵی تورکیاو ئاڵوگۆڕە نێونەتەوەییەکان

تا دوێنێ تورکیا هاوپەیمانێکی بەهێزی ئەمریکاو ڕۆژئاوا بوو لە دژی یەکێتی سۆڤیەت. ئەگەر ئەمڕۆ تورکیا ئەم ڕۆڵە ستراتیژەی لەدەستداوە، مانای نەمانی ڕۆڵی گرنگو ستراتیژی تورکیا بۆ ئەمریکاو ئەوروپا نییە. ڕاستییەکەی نە ئەمریکا دەتوانێ کاریگەری ڕۆڵی تورکیا لەسەر سەقامگیری سیاسیو ئاسایش لە ناوچەکەو هاوپەیمانییەتی ستراتیژیانەی لەگەڵ ئیسرائیل فەرامۆش بکا، وە نە ئەوروپا دەتوانێ ڕۆڵی تورکیا لە پاراستنی ئاسایشی ئەوروپاو ڕێکخستنەوەی وڵاتانی ناوچەی بەلقانو دەریای ڕەش بەهەند وەرنەگرێ. ئەوروپاییەکان تورکیایەکی سەقامگیر، دیموکراتیک، سیکۆلارو ڕۆژئاوایی بە کلیلی بنیاتنانی هاوپەیمانییەتێکی بەهێز بۆ پاراستنی ئاسایشی ئەوروپا دەبینن، بەس بۆ ئەمریکییەکان تورکیا زیاتر لە پەیوەند بە مەسەلە ستراتیژیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرنگی پەیدا دەکات.

باوەڕناکەم کەس لە تورکیا بتوانێ گۆڕانی جێگەوڕێگەی ستراتیژی تورکیا بە هۆی گۆڕانە نێودەوڵەتییەکانو نەمانی کێشمەکێشی ڕۆژئاوا - ڕۆژهەڵات ڕەتبکاتەوە، بەس پرسیارەکە ئەوەیە کە ڕەوتە ناوخۆییەکانی تورکیا چەندە دەتوانن خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئاڵوگۆڕە نوێیەکانو ئاکامەکانی چۆن دەبینن؟. تورکیا ئەمڕۆ ڕووبەڕووی بارودۆخێکی سیاسی بۆتەوە تەنانەت لە دە ساڵ پێش ئێستا جیاوازە. زۆر سەختە تورکیا بتوانێ بە ئایدۆلۆژیای ئێستای نەک تەنیا هەمان جێگەوڕێگەی سەردەمی شەڕی سارد بەڵکو هی دە ساڵ پێش ئیستاشی بپارێزێ.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا کۆمەڵێک نیشانەی نائاسایی لەژێر کاریگەری ئاڵوگۆڕە نێودەوڵەتییەکان لە تورکیادا دەبینرێن، لەوانە پەیدابوونی جۆرێک لە لیبرالیزەبوونی کەشوهەوای سیاسی تورکیا، توانەوەی هەندێک لە بەستەڵەکی پەیوەندی سەختی نێوان کوردو تورکو هاتنەمەیدانی ئیسلامی

سیاسی. بەس زۆر زووە پێشبینی ئەوە بکەین کە ئەم ئاڵوگۆڕانە، کە ڕێکخراون بە داینەمیکێکی ناوخۆیی بەهێز، وڵات لە داهاتوو بتوانن ئاراستە بکەن.

زۆرێک لە چاودێرانی رۆژئاوایی گومانیان هەیە کە تورکیا بە فەلسەفەی ئێستای، بەبێ سەرلەنوێ تەفسیرکردنەوەی پرەنسیپەکانی کەمالیستی بۆ سیاسەتو مەسەلە ناوخۆییو نێونەتەوەییەکان، بتوانێ ڕووبەڕووی کێشەکانی سەدەی بیستو یەکەم ببێتەوە. ئەمڕۆ تورکیا لەبەردەم دووڕیانێکی چارەنووسسازەو بۆ مانەوەی یەکگرتوویی جوگرافیاکەی پێویستی بە خۆپێناسەکردنەوە هەیە، بەس کێیە ئەم ئەرکە جێبەجێدەکا؟ تا ئێستا کەس لە مەیدان نابینرێ!!!

**3 مارسی** 2007 – **هۆڵەندا**